**ڕاگەیاندن....**

# زیندانی کردنی منالّێك لە ئاودەسی قوتابخانەدا..!!

بە پێی هەواڵێکی Konline پاسەوانی قوتابخانەی ئاسودەیی سەرەتایی لەگەڕەکی ڕزگاری شاری سلێمانی، بۆ ماوەی کاتژمێرێك محمەد عبداللە ی تەمەن 11 ساڵان لە ئاودەسی قوتابخانەدا زیندانی دەکات. هەموو تاوانی محەمەد ئەوە بووە کە لە کاتی یاری کردندا تۆپەکەی کەوتۆتە ناو حەوشی قوتابخانەکەوەو ئەو ویستویەتی بیهێنێتەوە. پاسەوانی ئەو قوتابخانەیە کە ناوی (فایق)ە دەرگای لەسەری دادەخات و بەجێی دێڵێ، ئیتر خەڵکی گەڕەك لە گریان و هاواری محمەد وەتەنگ دێن و بەڕێوەبەری قوتابخانە ئاگادار دەکەن تا دەرگا لەسەر محمەد بکاتەوە. بەڵام بەڕێوەبەری قوتابخانەش بە ناوی کاوە پاش کردنەوەی دەرگاکە زۆر نامرۆڤانە دەکەوێتە وێزەی محمەد و تێروپڕی لێدەدات.

ئەوەی بینیتان ئەوە چیرۆکێکی خەیاڵی نییە، بەڵکو یەکێکە لە خەروارێك نموونەی لەم چەشنە کە ڕۆژانە لە ژێر سایەی دەسەڵات و حکومەتی دیموکراسی، ئازادی و مافی مرۆڤی کوردستاندا ڕوودەدەن، ئەمە ئیتر دەرئەنجامی ئەو یاساو ڕێسایەیە کە هەر چەند مانگ لەمەوبەر بوو بانگەشەی گەڕانەوەی لێدان وسزادانی منالآنیان بۆ کرد لە قوتابخانەکاندا، بە بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاشان تەعمیم کردنی ئەم بڕیارە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانەوە بەسەر قوتابخانەکان. بەشێك لە سێبەری هەر ئەمەشە کە وای لە مامۆستا کاوە بەرێوەبەری قوتابخانەی ئاسودەیی سەرەتای کردووە کە ئەویش بەربێتە گیانی ئەو منالّەو دەسکاتە کوتەك کاری کردنی و لاسایی پاسەوانی قوتبخانەکەی بکاتەوە...!!

ئەو سایکۆلۆژییەی کە بەگشتی کۆمەڵگا، بەخێوکەرانی منالآن (خێزان) و مامۆستایانی قوتابخانەکانی پێگۆش کراوە، هەر لەمامۆستایان و بەرێوەبەرانی باخچەی ساوایانەوە بگرە تا ناوەندی و دواناوەندییەکان، سایکۆلۆژییەتی شەڕ، توندوتیژی، ڕق هەڵگرتن، وە بەگشتی تورەبوون و جنێوو سوکایەتی پێکردنە. ئەمەش دەرهاویشتەی چۆنێتی پەروەردەو یاساکانی پەروەردەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، کە ئەم یاسانەش یاساکانی بەعسن و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پەیڕەوی لێدەکات و نایەوێت بیگۆڕێت، ئەگەر لێرەولەوێش قسەوباسێك دەکەن و ڕەخنەیەك لەخۆیان دەگرن، ئەوە دەرئەنجامی فشارو نارەزایەتی کەڵکی ئازادی خوازو پێشکەوتووی کۆمەڵگایە، دەنا خودی ئەو ڕژێمەی کە دەسەڵاتی کوردی لە کوردستاندا بنیاتی ناوە، پایە بنەڕەتییەکانی لەسەر سەرکوت و توندو تیژی دامەزراوە، ئاشکرایە سایەی ئەمەش لەسەر تاکی کۆمەڵگای ئەمەی لێچاوەڕوان دەکرێ.

هەر ماوەیەکی کەم لەمەوبەرو بوو کە باخان کەمالی تەمەن 15 ساڵان لە دواناوەندی ڕزگاری کچان ، بووبەقوربانی عەقلّیەتی دواکەوتووانەی مامۆستاکەی کاتێك لە هۆڵی تاقی کردنەوەدا لەسەر پارچە کاغەزێك لە ناو دەیان خوێندکاری تردا حەیاو کەرامەتی ئەشکێنێ ، ئەمەش وا دەکات باخان ئاگر لە جەستەی ناسك و نەمامی خۆی بەردات وببێت بەقوربانییەکی تری سایکلۆژییەتی پەروەردەو یاساکانی پەروەردەی وەزارەتی پەروەدە لە کوردستان.

سەیرە بۆ بیر لەوە نەکەینەوە کە بۆ خزمەتی بەرەوپێشچونی کۆمەڵگاکەمان مرۆڤی ئارام دروست بکەین ، لەپێناوی ئاسودەیی و خۆشبەختی منالآن و لاوانمان؟! بۆچی چارەسەری بە لێشاو وازهێنانی خۆێنکاران و چۆڵ کردنی پۆلەکانی خۆێندن نەکەین، بۆچی بیر لەوە نەکەینەوە کە بۆچی ڕێژی دەرچوونی خوێنکاران ساڵی پار لە ژێر 20٪ بوو، کە ئەوەندە شەرم هێنەرە مرۆڤ ڕووی نەیەت باسی بکات؟! بۆچی منالآن بەهرەمەند نەبن لە پێداویستییەکانی ژیانیان و پێداویستی قوتبخانەکان دابین نەکرێن..؟

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هیچ کات ناتوانێ شانی خۆی لە ڕوودانی ئەم کارەساتانە خاڵی بکاتەوە، ئەوان بەرپرسی یەکەمن لەم ڕووداوانە و دەبێ چارەسەری بکەن، خودی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ بەرپرسە لەم ڕووداوە جەرگ بڕانەی کە لە ژێر سایەی یەکێك لە وەزرارەتەکانی حکومەتەکەی ئەو دا ڕوودەدەن.

هەر ەلێرەشەوەیە کە دەمەوێ بڵێم ڕوودان و دووبارەبوونەوەی ئەم کێشانە جارێك و سەدان جار ئەو ڕاستییە دوپات دەکەنەوە ، کە یاسای پەروەردەو فێرکردن ،وە بەگشتی هەموو لایەنەکانی ئەو پرۆسەیە دەبێت بگۆڕدرێت بۆ پرۆسەیەکی پەروەردەو فێرکردنی سیکۆلارو پێشکەوتنخواز، لێرەشەوەیە لە پرۆسەیەکدا توندوتیژی دەکرێ کۆتایی پێبێت.


**شێرزاد فاتح**

سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالآن

**Tel: +46 735 715 449**

www.santarimnalan.com